# ڕۆڵی ژنانی باشووری کوردستان[1]

## ژنانی فەڕەنسا

لە سەدەی هەژدەمدا، دوو چینی کۆمەڵگە، دەستیان بەسەر تەواوی کۆمەڵگەی فەڕەنسیدا گرتبوو، ئەوانیش: چینی (خانەدانەکان)، ڕێژەی سەدا یەک و نیو بۆ دووی کۆمەڵگەی فەڕەنسییان پێکدەهێنا، (پیاوانی ئاینی-ئەکلیرۆس)، ڕێژەیان دوازدە هەزار کەس بوو، ئەو ڕێژە کەمەی فەڕەنسا، بیست و چوار ملیۆن هاوڵاتی فەڕەنسیان دەچەوساندەوە، بەشێوەیەک بەهۆی بەرزبوونەوەی نرخی خۆراک و پێداویستییە سەرەکییەکان، ژمارەیەک لە خەڵکی فەڕەنسا پارەی نان کڕینیان نەبوو، ژمارەیەکیان لە برسان مردن، ئەم بێزارییەی خەڵک، شۆڕشی فەرەنسی ساڵی (١٧٨٩)ی بەدوای خۆیدا هێناو و بووە هۆی دەستپێکردنی چەخماچەی ژیان و سیستەمێکی نوێ لە ئەورووپا و فەرەنسا بەتایبەتی.

زۆرینەی دانیشتووانی فەرەنسا، بەشدارییان لە شۆڕشە مەزنەکەی ساڵی (١٧٨٩)دا کرد و ژنان هاوشانی پیاوان ڕۆڵ و دەوری کاریگەرییان هەبوو، لە گۆڕینی سیستەمی بەڕێوەبردنی وڵات، چونکە ژنانیش لەهەمان ئازار و نائاسوودەیی ژیانیان بەسەردەبرد، ئەو بارودۆخەی خراپەی سیستەمی پاشایەتی و هەژاری و برسیەتی و نەبوونی ژمارەیەکی زۆری ژنانی کردە سواڵکەر، سۆزانی، بێکار، لەبەرئەوە کاتێک شۆرش بەرپادەبێ، ئافرەتان بەتەواوی هێز و توانا و بەجۆش و خرۆش و بەحەماسەتێکی گەورەوە بەشداری دەکەن و رۆڵی سەرەکی دەبینین، لەپەلاماردان و گرتنی قەڵای باستیل و هێرش کردنە سەر کۆشکەکانی پاشا، چونکە پێشتر داوای مافی کارکردنیان دەکرد دەیانخواست لەژیانێکی سەربەرزانەدا بژین و دەگەڵ پیاوان جیاوازیان نەبێ.

لەسەرەتای دەستپێکی شۆرش ژنان بەشداری کارایان دەبێ و لە هەرێمی دۆفینە و برۆتانیا، رۆز لاکۆمب، لویزۆن شابری و ڕێنیە ئەندۆ، پێشرەوی دەکەن و لەپێش چینەکانی دیکە خۆپیشاندانیان ئەنجامدا، هەمان ئەو ژنانە بە وردی چاودێری پاشایان دەکرد لەدوای ڕاکردن گەڕاندیانەوە پاریس.

---

[1] ئەم وتارە لە ڕێککەوتی: ٢٠١٨/٢/٢٧، لە ماڵپەڕی خەندان بڵاوکراوەتەوە. لەم لینکەوە دەتوانن چاو لە وتارەکە بکەن:

https://www.xendan.org/detailwtar.aspx?jimare=1720&nuser=1548

رۆزا لاکۆمب، ئەو خامەی دوژمنێکی سەرسەختی سیستەمی پاشایەتی بوو، بەردەوام خەباتی لە دژی دەکرد و بەهاوکاری (پۆلین لیۆن)ی هاوڕێی یانەی (هاولاتیە شۆرشگیرەکانیان) دامەزراند، بە ئامانجی هاندانی کچان و ژنانی فەرەنسی و دروستکردنی رۆحییەتێکی شۆڕشگێرانە.

پێنجی ئۆکتۆبەر، ژنێک بەلێدانی تەپڵ داوای نان دەکا و بەشی زۆری ژنانی برسی لێی کۆدەبنەوە و هەموو بەیەکەوە داوای نان و بژێویان کرد و بەرەو کۆشکی پاشایەتی (ڤێرسای) ڕۆیشتن، کە ماری ئەنتوانێت شاژنی فەرەنسای تێیدا دەژیا، ئەڵبەتە لەرووی سۆسیۆلۆژیەوە ژنان ڕک و کینەی زۆریان بەرانبەر ماری ئەنتوانێت هەبووە، چونکە جیاوازیەکی سەد لە سەد لەنێوان ژیان و گوزەرانی ئەنتوانێت و ژنانی سڤیل هەبوو، کاتێک شاژن ئەم هەواڵە دەبیستێت بەپەلە رادەکات و دەربازی دەبێت، ژنانیش ژووری تایبەتی شاژن دەشێوێنن و شپرزەی دەکەن.

هەریەک لە (تیروان دو مێرکۆری و دۆمۆلان) ڕۆڵی بەرچاویان لەو شۆڕشەدا هەبوو، بانگەوازیان دەکرد بۆ ئەوەی ژنان لەدژی ئەو سیستەمە چەک هەڵگرن، تیروان یەکێک بوو لەو ژنانەی بەشداری هێرشکردنە سەر قەڵای باستیلی کرد -دواتر ئەنجومەنی نیشتیمانی لەبەر ئازایەتی و بەهێزی شمشێرێکیان بەتیروان بەخشی-، و لە ڕۆژی پێنجی تشرینی یەکەمدا تیروان ئاراستەی تۆپەکەی خستە سەر کۆشکی پاشایەتی و لەگەڵ دانیشتووانی پاریس و ڤێرسای هێرشیان کرد. لەو سەروبەندەدا تیروان بەهاوکاری ریمۆن گروپێکی رۆشنبیریان دامەزراند بەناوی (هاوڕێیانی یاسا) ئەم گروپە کاری بۆ (کۆکردنەوە و هۆشیار کردنەوەی ژنان لەدژی دەسەڵاتەکەی لویسی شازدە-ئۆگوست) دەکرد.

شالوت کوردای، ژنێکی شۆرشگێری شۆڕشی فەرەنسی و ڕۆژنامەوانێکی رادیکاڵی بەرچاو بوو، بە مەبەستی دروستکردنی لۆبییەکی فراوان و هەوڵدان بۆ کۆکردنەوە ژنان و ڕووبەڕووبوونەوەی سیستەمی خراپی فەرەنسا، پەیوەندی بەو گروپانەوە کرد، کە کاریان بۆ گۆڕینی سیستەمی پاشایەتی دەکرد، پێش بەجێهێنانی ویست و ئامانجی مەقسەڵەی دەستی پاشا دەرفەتی نەدا شالوت درێژە بەخەباتەکەی بدا. لە دوای گیان لەدەستدانی بە سمبولی شۆرشی فەرەنسی ناسرا و ناوبرا.

لەو شۆڕشەدا، ژنان پێگە و تێگەی تایبەتیان هەبوو و توانیان کۆتایی بە سیستەمی پاشایەتی فەرەنسا بهێنن، بەشێوەیەک دەستکەوتەکانی ئەو شۆرشە پەڕییەوە بۆ زۆربەی وڵاتانی ڕۆژئاوا و جارنامەی مافەکانی مرۆڤی بەرهەمی ئەو شۆڕشەیە.

**ژنانی کورد**

دوو سەد و بیست و نۆ ساڵ بەسەر شۆڕشی فەڕەنسیدا تێپەڕیوە، کەچی هەرێمی کوردستان لە دۆخێکی خراپی چەقبەستوو، شکستی سیاسی، خراپ مامەڵەکردنی سیاسییان، قەیرانی دارایی و داتەپینی ئابووریدایە، خەڵکی باشووری کوردستان، بێزار و بێتاقەتە، ماندوو و شەکەتە، وەک کۆتەرەی بەردەستی قەساب، شەقار شەقار بووە، برسییەتی تەنگی بە چینی گشتی هەڵچنیووە، لە ژیان بێزارە و توانای ژیانی نەماوە، بەجۆرێک خەڵکانێک بە ڕۆح و مردوون و بە جەستە زیندوون، هاوڵاتی ئەم کوردستانە لەداخان بە پێی خۆیان بەرەو مەرگ دەڕۆن، ڕێگەی ئەورووپا دەگرنەبەر!

دەشێ وێکچوو لەنێوان ژینگەی هەرێمی کوردستان و فەڕەنسادا هەبێ، وەلێ لەسەردەمی ئێستادا ژینگەی ژیان و چۆنیەتی بەگژداچوونەوەی نادادوەری و گەندەڵی گۆڕاوە، سەردەم سەردەمی دیموکراسییە، لەڕێگەی دەنگی خەڵکەوە، دەسەڵات دەستاودەست دەکرێ. بپرسین: داخۆ ژنانی هەرێمی کوردستان، دەتوانن ئەو ئەرکە بگرنە ئەستۆ و هاوشێوەی ژنانی شۆڕشی فەڕەنسی ڕۆڵی گرنگیان هەبێ لە گۆڕینی سیستەمی هەرێمی کوردستان و بەهای مرۆڤ بوون بۆ خەڵکی گشتی بگەڕێننەوە؟ ئومێد و تروسکایی، زەردەخەنە و خۆشی بخەنەوە نێو دڵ و سەر زاری خەڵکی؟ ژنان، تا چەند دەتوانن پێگەی تەواوی خۆیان وەدیارخەن و لەم هەڵبژاردنە کێرڤی خۆیان نیشان بدەن؟ چۆن لە پێشوودا، (حەپسەخانی نەقیب، لەیلا قاسم، قەدەم خێری فەیلی و عادیلە خانم) پێشەنگی ژنانی کوردییان کردووە، هەمیسان ژنانی کورد، هاوشێوەی ژنانی جیهان پێشەنگ بن، هەروەک چۆن "بەریتانیا شانازیی بە ڤیکتۆریا، ئەمریکا بە هیلاری کلینتۆن، ڕووسیا بە ئەلیکساندەر، هیندوستان بە بیریند گاندی، پاکستان بە بێنەزیر بۆتۆ، ئەفغانستان بە مەلالە یوسفزەی، میسر بە کیلۆپاترا، ئەرژەنتین بە ئێڤیتان پێرۆن و چین بە تزۆهسی"یەوە دەکا. کوردیش شانازی بەو ژنە ڕێبەر و پێشەنگانەوە بکا، کە لەم دۆخەی داتەپیوەی کوردستان، دەبنە ڕێبەر و پێشەنگی ژنانی گشتی کوردستان.

تا چەند ژنان دەتوانن ئەو ئەرکە مێژووییە لەئەستۆ بگرن، کورد وتەنی "ژنان، شمشێر بە هەناسەکانیان هەڵدەگرن". دڵنیام، دەتوانن ئەم ئەرکە مەزنە لە شان بگرن و گۆڕانکاری لەو قۆناغەدا بکەن. ژنان، ئێوە و داهاتوو و هەڵبژاردن، قۆڵی خۆتان هەڵماڵن و ئەسپی کوردایەتی تاو دەن!.